# نەقیزەکەی لالۆم

# ـ 1 ـ

# (گیرفان و گۆرانی ) . . . !

ئەڵێن روەک بە ئاوازومۆزیکی خۆش زیاتر ئەگەشێتەوەو نەشونما ئەکات ، ئەمەش وەنەبێت زانستێکی زۆرنوێ بێت بەڵکودەمێکەهەستی پێکراوەوزۆرلایەنی تایبەتی خۆی لەم بوارەداتاقیکروەتەوەوسەرکەوتنی بەدەست هێناوەوئیتربووەبەشتێکی مسۆگەرتەنانەت لەماڵیشەوە ئەگەر بتەوێ روەکی ناوماڵەکەت زیاتر بگەشێتەوە پێویستە ناوبەناو شانبەشانی ئاودانی مۆسیقایان بۆ لێبدەیت ...بەڵێ بەهەمان شێوە پێویستە

پیاو هانی گۆرانی و مۆسیقای میللەتەکەی خۆی بدات و کۆمەکی بکات بەڵام ئەمەش تا ئەگاتە ئەو رادەیەی گۆران ئاسامەزاجی کوردەواریت تێکبچێت و پەنابەریتەبەردەروێش عەبدوڵڵە..دیسانەوەنەبێ بەمەسەلەی تێکچوونی مەزاجی کوردەواریی، ئەوەماوەیەکی ئەوتۆیە روەکی ناوماڵەکەم لە ژووروەوە و لەحەوشەش تەنانەت سنەوبەرە هەمیشە سەوزەکان رەنگ و بۆیان لەبەر براوە و زەرد و زەعیف هەڵگەڕاون و بەهەوڵ و کۆششی تایبەتی خۆم زۆرخەریک بووم هیچم نەدۆزییەوە و پەییم  بە هیچ نەبرد بۆچی ئەم روەک و داروردەختە زەبەلاحانەشم ئاوا داماوبوون .. بەڵێ ئەوەندەی نەبرد قاو لەناودەرو دراوسێ و گەڕەک و شارەکەماندا بڵاوبۆوە و دەستە دەستە هاتن بۆ تەماشا کردنیان و سەریان لە هیچ دەرنەکرد..هەتا خوا کردنی رۆژێکیان تاقمێک لە زانایانی ئەم بوارەهاتن و پاشان وتیان ئادەی تکایە ئەو کاسێت و سیدیانەمان بۆ لێنادەیت ، منیش هەرئەوەندەم خۆش ، یەک دوو لەو بەرهەمانەم بۆ لێدان کە ئێوەش خۆتان ئەزانن کامانەیە و پاشان وتیان تکایە ئەگەر بەزەیتان بە خۆتانا نایەتەوە رەحمێ بەم روەک و دار و درەختانە بکەن و ئەبێ گوڵبژێرێکی چاکیان بکەیت و ، ئەوانەیان بخەیتە ئەولاوە کەبەراستی مەزاجی کوردەواری تێک ئەدەن هەتا رۆژێ لە رۆژان زانایان و پسپۆڕانی ئەم بوارەی خۆتان دێنەدەنگ ..ئالێرەدا وتم :ـــ کەواتە( هەچە )لەوانەی لە پێناوی خڕوخەپان کردنی گیرفاندا مەزاجی کوردەوارییمان تێک ئەدەن دەروێش عەبدوڵڵە ...